## د. ئەحمەدی مەلا:

# ئۆپۆزیسیۆن دەبێت لەکاتی هەڕەشەی دەرەکیدا دژایەتییە ناوخۆییەکان بۆ سەردەمێکی تر هەڵگرێت

**سلێمانی: خەڵەف غەفور**

لە دیدارێکی تایبەت بە ئاسۆدا ڕوناکبیری دوورە وڵات و مامۆستای زانکۆی ئۆپسالا لە وڵاتی ئسپانیا.

د.ئەحمەدی مەلا سەبارەت بە گرنگی بزوتنەوە بەرهەڵستکارەکان و ستراتیژی ئەم بزوتنەوانە بەوردی قسەی کرد.

مەلا سەبارەت بەو بزووتنەوانە ڕایوایە: «ئۆپۆزیسیۆن لە بواری کاری سیاسەتدا، کۆنسێپتێکە، یا چەمکێکە، لە دەوری چەند فیکرەیەک، پرۆگرامێک، دیدێکی تایبەت، بەرهەڵستکاران لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری دیکە کە حزبی دەسەڵاتدار نەیتوانیووە جێبەجێی بکات».

هەروەها ئەوەش دەڵێت کە نابێت ئەو بزوتنەوەیە لە کاتی ململانێی دەرەکیدا بەردەوامی بداتە چالاکییە ناوخۆییەکانی، چونکە ئەمە بە قازانجی هێزی دەرەکی کۆتایی دێت» دەبێ ئۆپۆزیسیۆن دوو خاڵ فەرامۆش نەکات، یا دوو خاڵ تێکەڵ نەکات؛ ئەویش سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوەیە. بە واتایەکی دی، با ئۆپۆزیسیۆنێکی دیاریکراو دژ بە نەوەد دەر سەدی سیاسەتی حزبی دەسەڵاتدار بێت، بەرامبەر بە هەموو هەڕەشەیەکی دەرەکیی دەبێت سەرجەم دژایەتییەکان بۆ سەردەمێکی دی هەڵگرێت. واتە سیاسەتی ناوەکیی نابێت لەسەر حسێبی دەرەکی خەرج کرێت. ئەمە دیالێکتێکی پێ دەوترێت».

**ئاسۆ:** ئەمەوێ سەرەتا لە پێناسە کردنی چەمکی (ئۆپۆزیسیۆن)ەوە دەستپێبکەین، چۆن (ئۆپۆزیسیۆن) پێناس بکەین؟ هۆکارەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوون چین؟ گرنگی بزوتنەوە بەرهەڵستکار و جیاوازەکانی دنیای بەرهەڵستکاربوون چین؟

**د.ئەحمەدی مەلا:** ئۆپۆزیسیۆن لە بواری کاری سیاسەتدا، کۆنسێپتێکە، یا چەمکێکە، لە دەوری چەند فیکرەیەک، پرۆگرامێک، دیدێکی تایبەت، بەرهەڵستکاران لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری دیکە کە حزبی دەسەڵاتدار نەیتوانییووە جێبەجێی بکات. بە کورتی ئۆپۆزیسیۆن هۆشیارییەکی سیاسی پێگەیشتووە لەمەڕ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. هەروەها دەرئەنجامی پرۆسەیەکی دوور و درێژی کاری سیاسییە و ڕەنگە قبووڵکردنی پەیوەست بێت بە هۆشیارییەکی بەرفراوانی واوە کە چوارچێوەی شەخسیی و حزبیی و ئایدیۆلۆژی ڕەتدەکات و هەمیشە خۆی لە پرۆژەیەکدا دەنوێنێ کە باوەش لە ئایندە دەکاتەوە.

**ئاسۆ:** بزوتنەوە ئۆپۆزیسیۆنەکان (ئیدی لە هەرکام لە دنیایەکاندا بن بە تایبەت دنیای ڕۆشنبیری) تاچەند ئیش لەسەر تایبەتمەندێتی خۆیان دەکەن؟ بەو واتایەی ئۆپۆزیسیۆن دەبێت خاوەن دنیایەکی تایبەت بێت و پرسێکی گرنگی کۆمەڵگا بەهەند وەربگرێت یاخود بزوتنەوەیەکی گشتی دەستەبەر بێت بۆ زۆربەی پرسەکانی کۆمەڵگا؟

**د. ئەحمەدی مەلا:** کارەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە چوارچێوەی مێژوویەکی تایبەت خۆیان ڕێکدەخەن و لەسەر ئەو زەمینەیە پلانەکانیان دەخەمڵێنن و بە ڕەنگدانەوەیەکی ئاسایی دەژمێردرێن کە کۆمەڵگە بە گشتی دەگرێتەوە و بە شێوەیەکی تایبەتیش تەعبیر لە توێژ و چینە جوداخوازەکانی کۆمەڵگەیەکی تایبەت دەکاتەوە. لەم تێگەیشتنە گشتییە دەبێ ئۆپۆزیسیۆن دوو خاڵ فەرامۆش نەکات، یا دوو خاڵ تێکەڵ نەکات؛ ئەویش سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوەیە. بە واتایەکی دی، با ئۆپۆزیسیۆنێکی دیاریکراو دژ بە نەوەد دەر سەدی سیاسەتی حزبی دەسەڵاتدار بێت، بەرامبەر بە هەموو هەڕەشەیەکی دەرەکیی دەبێت سەرجەم دژایەتییەکان بۆ سەردەمێکی دی هەڵگیرێت. واتە سیاسەتی ناوەکیی نابێت لەسەر حسێبی دەرەکی خەرجکرێت. ئەمە دیالێکتیکی پێ دەوترێت، واتە نەرم لە هەڵسەنگاندن و بینینی ڕەهەندی جیاواز بۆ کێشەیەکی دیاریکراو.

بۆ نموونە، بەرامبەر بە هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێم دەبێ سەرجەم حزبە کوردستانییەکان لەیەک ڕیزدا بن، بەڵام ئەم یەک ڕیزییە مانای سڕینەوەی ناکۆکییە ناوەکییەکان ناگەیەنێت.

ئەم جۆرە سیاسەتەیە کە کورد پێویستی پێی هەیە کە زۆرجار بە پێچەوانەی ئەم دیدە ئیش کراوە. واتە لەسەر دژایەتییە دەرەکییەکان سیاسەتی ناوخۆ داڕێژراوە. ئەفسووس، سیاسەتی ناوچەکەی ئێمە لەسەر ئەم پەتە بێکەڵکانە هەمیشە یارییان کردووە و هەمیشە دۆڕاوییش بۆ خەڵک ماوەتەوە.

**ئاسۆ:** مەرجەعی ئۆپۆزیسیۆنیستەکان چین و کێن؟ بۆ هەمیشە کەمینەی ئۆپۆزیسیۆن بە نەیار و بێباک و خەڵەفاو تۆمەتبار دەکرێن؟ زۆرجاران کار دەگاتە ئەوەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنیستەکاندا باس لەچەمکی (خیانەت) بکرێ؟ ئایا ئۆپۆزیسیۆن پێویستی بە شەرعیەتی زۆرینە هەیە یاخود یاخیبوونێکی بلێسەدارە و بێباکییەکەی لەوەوەیە (شەرعییەتی زۆرینە

> بەرامبەر بە هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێم دەبێ سەرجەم حزبە کوردستانییەکان لەیەك ڕیزدا بن، بەڵام ئەم یەك ڕیزییە مانای سڕینەوەی ناکۆکییە ناوەکییەکان ناگەیەنێت

کە لەگەڵ دەسەڵاتدایە) شتێکە لای ئەو جێگەی بایەخ نییە؟

**د. ئەحمەدی مەلا:** عەقڵییەتی دیموکراسیی، با بڵێین دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینە (بە داخەوە دەمێکە چەمک واتای خۆی ون دەکات بۆیە دەبێت ڕاستەقینەی پێدا هەڵواسین) هەوڵدەدات لەگەڵ موعارەزەیەکی بەهێز ئیش بکات. واتە حزبی دەسەڵاتدار یا حوکمڕان پێویستی بە ئۆپۆزیسیۆنێکی هاوشان، بەهێز، وریا، لێپرسراو و هۆشیار هەیە تا ئاسۆی دوا ڕۆژ بەرینتر و ڕوونتر بێت. کاتێک موعارەزە تەنها لە دەوری یەک خیتابی ڕەتیب و تاک ڕەهەند و سواو خۆی دەژێنێ، زەرەر و زیان بە سەرجەمی کۆمەڵگە دەگەیەنێت. یا کاتێک موعارەزە وەکو هەرزەکارێک تەنها لە موعارەزەبوون هەست بە بوونی خۆی دەکات، دیسانەوە باجەکەی کۆمەڵگە دەیدات.

هەڵبەتە زۆرینە و کەمینە لە ئیشی سیاسییدا زۆر ڕێژەییە، چونکە هۆکاری زۆر عەرەزی، لاوەکی وا دەکات بەرەیەک زۆرینە بێت یا کەمینە.

ڕووخانی حکومەتی ئەزنار لە ئسپانیا پەیوەندی بە هەڵەیەکی تەکنیکییەوە هەبوو. پەیوەندی بە کارێکی تیرۆریستی شاری مەدریدەوە هەبوو.

بوونی موعارەزەیەکی بەهێز لە کوردستاندا بە مەتڵەبێکی یەکجار تەندروست دەبێ سەیر بکرێت، چونکە کاتێک موعارەزە نامێنێت یان دەستەمۆ دەکرێت و دەبنە بەشێکی نامۆ لە جەستەی حکومەت، دیموکراسییەت دەکەوێتە مەترسییەوە. یەکڕیزیی لەهەموو ئانوساتێکدا کارێکی تەندروست نییە، چونکە عەقڵییەتی یەکڕیزیی لە دونیای ئاینەوە سەر هەڵدەدات. سیاسەت کارێکی عەقڵانییە و یەکڕیزیی و یەک کوتلەیی و یەک بلۆکیی دەرئەنجامی فاشییان لێدەکەوێتەوە و یا زەمینە ساز دەکەن بۆ سەرهەڵدانی فیکری لەو جۆرە. بۆیە جوداخوازییەکانی پارتی و یەکێتی زەروورییە، هەندێکجار هەست دەکەین جوداخوازییەکان دەسڕێنەوە، ئەمەش تەکتیکێکی حزبایەتی بێ بەرەکەتە؛ ڕاستە ئیدامە بە دەسەڵات دەدات و ڕێ لە پرۆسە دیموکراسییەکان دەگرێت و کۆمەڵگە توشی قەتیسبوون دەکات.

یەکڕیزیی حزبە کوردستانییەکان بەرامبەر بە داخوازییە نەتەوەییەکان گرنگە، لەوە بترازێ دەبنە بار بەسەر نیشتیمان و کۆمەڵگە. ئەم بارە توێژەکانی قوتابی و گەنج بە تەواوی هەستی پێدەکەن.

زۆرینە و کەمینە لە کاری سیاسی ڕێژەییە هەر وەکو ئاماژەی بۆ کرا، بەڵام حزبە کەم نفووزەکان دەبێ زۆر بە هەند وەرگیرێت و گوێ لە ئەوان ڕاگیرێت، ئەوان ڕەنگە ڕاستییەکان بە تەواوی دەرخەن، چونکە زەرەر ناکەن. دەنگدان بە حزبە کەمینەکان فشاری ڕاستەقینە لەسەر دەسەڵاتی حزبی دەسەڵاتدار دروست دەکات. ئەم گەمە سیاسییە گرنگە لە هاوکێشە سیاسییەکان. با لە ناو دۆگما ئیش نەکەین و خۆمان تەسلیمی ئەو ڕایە بکەین خۆ کە سیاسەتی ڕابردوو و ئێستا و ئایندە هەر دەبێ بە دەستی یەکێتی و پارتییەوە بێت. بەڵام چۆن ئەو بۆشاییە پڕ دەکرێتەوە؟

**ئاسۆ:** بزوتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن پایەکانی بەردەوامی خۆی لەسەر چی بینا دەکات؟ من زۆر گوێم لەسەر باس و خواس لەسەر چەمکی (ئیرادە) دەبێت بۆ بەردەوامی ئەو بزوتنەوەیە، ئەم چەمکە لە کوێی بزوتنەوە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا لەنگەر دەگرێ؟ دەکرێت ئیرادە بەیەکێک لە پایە سەرەکییەکانی بزوتنەوەکە ئەژمار بکەین؟

**د. ئەحمەدی مەلا:** کاتێک ئیش لەسەر دروستکردنی ئیرادەی خەڵک دەکرێت، کۆڵەکەی کۆمەڵ بەهێز دەبێت. ئیرادە تێگەیشتنێکی دەستە جەمعییە لە بڕیاردا، لە خۆ ڕێکخستندا، هەروەها هۆشیارییەکی بەردەوامە لە دیاریکردنی پێگەی تاک لەنێو کۆمەڵدا. ئەمڕۆ خەڵک دەتوانن ببنە فاکتەری فشار لەسەر هەموو بڕیارێک کە بزانن لە قازانجی ئەوان کۆتایی نایەت. هێشتا بە تەواوی ئیش لەسەر دروستکردنی ئەم ئیرادەیە نەکراوە، چونکە هەڵگری چەکێکی دووفاقەیە. هەندەی دەسەڵات دەیەوێ ئیرادەی خەڵکی بۆ سوودی خۆی بەکاربێنێ، هێندە نایەوێ ببێتە ئیرادەیەکی ڕەها لە دیاریکردن و نەخشاندنی ویستەکانی.

هەموومان ئەوە دەزانین کە ڕژێمی پێشوو چۆن بە وریاییەوە لەسەر ئەم پنتە ئیشی دەکرد. هەمیشە دەیتوانی ئیرادەی خەڵک بەرامبەر بە کامێرای تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ، بەڵام ئەم بەکارهێنانە بنبەستی خۆی لەگەڵ خۆیدایە،

بەڵام لە فەزایەکی نیمچە ئازاد و نیمچە دیموکراتدا وەکو لە هەرێمی کوردستان هەستی پێدەکرێت، خەڵک دەیتوانیی کاری زۆر بۆ بەرژەوەندی خۆیان بکەن. ڕاگەیاندن کە لە دونیای ئەمڕۆماندا سنوورەکانی سڕاوەتەوە و دەتوانن بە ژیریی و حیکمەتەوە کاری لەسەر بکەن.

دەکرێ ئیرادەی خەڵک بخەمڵێنرێت، دەکرێ ئەکتیف بکرێت، ئەمە دەکەوێتە سەر ئەستۆی موعارەزەیەکی لێپرسراو، موعارەزەیەکی هۆشیار، موعارەزەیکی سیاسی بە مانا هەرە تەندروستەکەی.

**ئاسۆ:** ئۆپۆزسیۆنیستەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ چەمکی (توندوتیژیی) و (سەرکوتکردن) دا دەکەن لەکاتێکدا دەبێت هەموو کات چاوەڕوانی ڕوودانی واقعێکی لەوجۆرە بکەن بەتایبەت کاتێک ئاسۆی نزیکبوونەوە لە گۆرانکاری بەدیار دەکەوێت و دەسەڵاتیش بەشێوەیەکی هێستری مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟

**د. ئەحمەدی مەلا:** ئۆپۆزیسیۆن خاوەن وێنەیەکی نەگۆڕ و وەستاو نییە، ئەویش گرێدراوی چەندین هەلومەرجی مێژووییە. واتە موعارەزەی دوێنێ دەشێت ئەمڕۆ دەوری سەرکوتکەر ببینێ. ئێمە دەبێ لە میکانیزمی ناوەکی کردەی موعارەزە ورد بینەوە، نەک لە ڕۆڵی ئەکتەر و ئایدیۆلۆژیاکان. هەندێ تەماشاو دیققەتی کردەکان بکەین، هەندێ لەدەوری وێنە و خیتابەکان خۆ گیر نەکەین.

ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی کوردستان دا بەدی دەکرێت: هەست بە ناڕەزایی خەڵک دەکەین لە ئیدارەی کوردستان چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییە (بارودۆخی گەنجان، قوتابیان.. هتد)، تەندروستی و پەروەردەیی و.. هتد. ئەم ناڕەزاییانە دەبێ بکرێنە بەرنامە و حزب و ڕێکخراوی موعارەز ئیشی لەسەر بکات. لە خەرجکردنی بودجە بکۆڵێتەوە، لە سەرجەم ئەو بەڵێنانە ورد بێتەوە کە نەهاتنە دی، بە وردی ئیش لەسەر وردەواڵەکانی ژیان بکات. بە واتایەکی دی، نابێت موعارەزە تەنها ئیش بۆ جێبەجێکردن و نەکردنی مادەی ١٤٠ بکات و وا تێبگات کلیلی سیحریی هەموو چارەسەرەکانە! پێویستە فەزای چالاکییەکانی فراوانتر بکات.

**ئاسۆ:** هیچ واقعییەتێک وادەکات (تەسلیمبوون)ی بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن شەرعییەت وەرگرێت، یاخود ئۆپۆزیسیۆن بوون و تەسلیمبوون هەرگیز بەیەکەوە هەڵناکەن؟

**د. ئەحمەدی مەلا:** فەرهەنگی سیاسی ئێمە پڕی لە دەستەواژەی سەقەتە. بەشێکی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە. شەڕەکانی براکوژی وایلێکردین ببینەوە بە برا، ئەمجارەیان برای ڕاستەقینە، پاش ئەوەی خوێن کەوتنە نێو جەستەی برایانەوە. بەشێکی پەیوەندی بە فیکری سیاسی ناوچەکەمانەوە هەیە.

میراتی فەرهەنگی سیاسی ئێمە لەنێوان شەڕ و ئاشتبوونەوە، لەنێوان برایەتی و خوێن ڕشتن، لەنێوان خیانەت و نیشتمانپەروەرییدا ژیاوە. ئەم فەرهەنگە هەژارەیە کە بارودۆخی سیاسی ئێمەی گەیاندووەتە چەندین بنبەستی تراژیدی، چونکە لە ئیشی سیاسی مەفهوومی برایەتی نییە، مەفهوومی دوژمنایەتی نییە، ئەم مەفهوومگەلە میراتی کەلەپووری دەربەگایەتی و خێڵایەتین. بۆیە لە کاری سیاسەتی نوێدا زۆر بڕ ناکەن. ماچکردن و دەسبڕینەوەی یەکتر نابێتە سیاسەت. سیاسەت دەیەوێ لەنێوانیاندا ئیش بکات، لەو گۆڕەپانە ئاڵۆزە بێتە

> فەرهەنگی ئێمە بە داخەوە تەسلیمی فیکرەی دوالیزمە، نەك تەنها لە سیاسەتدا، بەڵکو لە ئەدەب و هونەریش. ئەمە فیکرێکی هەژار دەهێنێتە بەرهەم. جاش بەرامبەر بە پێشمەرگە، خائین بەرامبەر بە نیشتیمانپەروەر، شاخ بەرامبەر بە شار، مەنفا بەرامبەر بە زێد، گەڕانەوە بەرامبەر بە مانەوە

مەیدان.

**ئاسۆ:** لەفەراغی نەبوونی ڕۆشنبیری جدیدا بەرپرسیارێتی ئۆپۆزیسیۆن بوون دەکەوێتە ئەستۆی کێ، دەکرێت بڵێین ڕۆشنبیر بەرپرسی یەکەمی چێکردنی بەرهەڵستکارییە؟

**د. ئەحمەدی مەلا:** ڕۆشنبیر یا ڕۆشنبیریی چەمکێکی زۆر فراوانە و زۆرجاریش بە هەڵە و تێکەلۆپێکەڵیی لە ئاو و هەوای گشتی دا باسدەکرێت. دەبێ ئێمە باس لە کلتووری سیاسەت بکەین، باس لە فیکری سیاسی بکەین، باس لەو گەنجینەیە بکەین کە کورد بە درێژایی سەد ساڵ ئیشی پێکردووە. فەرهەنگی ئێمە بە داخەوە تەسلیمی فیکرەی دوالیزمە، نەک تەنها لە سیاسەتدا، بەڵکو لە ئەدەب و هونەریش. ئەم دوالیزمە فیکرێکی هەژار دەهێنێتە بەرهەم. جاش بەرامبەر بە پێشمەرگە، خائین بەرامبەر بە نیشتیمانپەروەر، شاخ بەرامبەر بە شار، مەنفا بەرامبەر بە زێد، گەڕانەوە بەرامبەر بە مانەوە. لە کۆتایی دا ئێمە لە دونیایەک ئیش دەکەین لەنێوان ڕەش و سپی دا خۆی ڕێکدەخات. ئەمە لە حاڵەتێکدا واقیع زۆر وردتر و زۆر پەنهانتر دەجوڵێتەوە. ئەم وردەکارییانەیە کە دەبێ ئیشی لەسەر بکریت، بۆیە عەرەب دەڵێت: «شەیتان لەنێوان وردەکارییەکان خۆی مەڵاس دەدات».


د. ئەحمەدی مەلا

**کورتەیەک**

**-لە ساڵی ١٩٥٧ لە کەرکووک لە دایک بووە.**

**- قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە کەرکووک تەواو کردووە.**

**-ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردوو.**

**-لە ساڵی ١٩٨١ ەوە لە ئەورووپا دەژێت**

**-چەند ساڵێک درامای لە شاری ژنێف خوێندووە.**

**-کولێژی ئەدەبیاتی لە فەرەنسا تەواو کرد.**

**-ماستەری لە زانستی زمانەوانی لە فەرەنسا ودکتورای لە ئەدەبی بەراوردکاری لە فەرەنسا تەواو کردووە.**

**-لە پاڵ شیعر، ڕۆمان و لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی دەنووسێ.**

**-بۆدلێر و رامبۆ و ئۆکتاڤیۆ پاس تەرجەمەی کوردی کردووە**

**-مەحوی تەرجەمەی فەرەنسی کردووە و لە پاریس بڵاوبۆتەوە**

**-ئێستا لە کۆلێژی ئەدەبیات، لە دانشگای سیوداد ریال لە ئیسپانیا مێژووی زمانی فەرەنسی و ئەدەبیاتی چاخەکانی ناوەند و سەردەمی ڕاپەڕین دەڵێتەوە.**